چوارچێوەی هەماهەنگی هەنگاوەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرزدەنرخێنرێت لە بەر پابەندبون بەو ڕێککەوتنەکان

چوارچێوەی هەماهەنگی ئەمڕۆ دوشەممە هەنگاوەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرزنرخاند لە پابەندبوون بەو ڕێکەوتنانەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجامیداوە.

لە ڕاگەیەندراوێکی چوارچێوەی هەماهەنگیدا هاتووە، ئێوارەی ئەمڕۆ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی کەبونەوەی ئاسایی ژمارە (242)یی خێیان لە نوسینگەی موحسین مەندەلاوی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە ئامادەبونی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەنجامدا، بەمەبەستی تاوتوێکردنی گرنگترین دەسیە ناوخێیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان"،

ئاماژەی بەوەدا، "چوارچێوەی هەماهەنگی سەرکەنەکردنی هێرشێکی ئاشکرا بە سەر یەمەن دەکات، کە بوە هۆی گیانلەدەستدانی سەرۆك وەزیران و کەمەك بەرپرسی حکومەت".

ئەوەشیخستەڕو، "چوارچێوەی هەماهەنگی گوێی لە هەڵسەنگاندنێك گرت بە دەسیەکانی ئاو و کارەبا لە عێراق کە لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە خرایەڕو، هاوکات باسی لەو چارەسەرانەش کرد کە حکومەتەکەی کاریان لەسەر دەکات، چوارچێوەی هەماهەنگیش پشتیاری گرنگی لەوبارەیەوە خستەڕو".

عێراق خواستی دامەزراندنی پەیوەندییە دوقۆڵییە یەکسانەکان دەکات

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، چوارچێوەی هەماهەنگی، پێشوازی لە "هەنگاوەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کردوە بە پابەندبون بەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئەنجامدراوە"، جەختیشیکردوەتەوە کە "عێراق خواستی دامەزراندنی پەیوەندییە دوقۆڵییە یەکسانەکان دەکات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان عێراق و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستە جیاوازەکان هەڵەشەکانی ئاسایش و ئابوری و ژینگەیی".